# شەهید جەمال تاهیری مامۆستای ڕێکخستن و پاڵەوانی زیندان

لەمێژبوو مامۆستا جەمال تاهیر-م ئەناسی, ساڵانی 1969-1980 زۆر بە گەرمی هاتووچۆی ماڵمانی دەکرد, دیارە لە تەمەندا لەمن گەورەتربوو, بەڵام پیاوێکی ڕووناکبیرو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆبوو کە گوێی بەو جۆرە جیاوازییانە نەئەدا, ڕێگرنەبوون بۆ پەیوەندییەکانی. دەبێ بڵێم ناسینەکەی‌و ئاشنایەتییەکەی بەهۆی کاکم مەحمودی مەلا عززەت-ەوەبوو بەڵام من زیاتر پەیوەندییەکانم لەگەڵ کاک کەمال تاهیری برایدابوو, دەیانجار نامەو نامیلکەم بۆ ئەبرد, بۆ خۆی, یان بۆ کەمال-ی برای, کە کاک مەحمود ئەیدامێ, بە پێچەوانەشەوە شتم لێوەردەگرت, شوێنی تەسلیمکردن‌و وەرگرتنی شتەکان زیاتر کتێبخانەی بێکەس بوو, لەسەر راستە شەقامی پیرەمێرد, سەرووی دەرگای سەرای سلێمانی. دوای هەرەس جموجۆڵێکی ئەدەبی بەرفراوان هەبوو, جۆرێك لە بووژاندنەوەی گیانی نیشتمانپەروەریی بەدیئەکرا.

ئەو دەمانە, شیعرەکانی(حەمە ساڵح دیلان, لەتیف هەڵمەت, حەمەی حەمە باقی, عەبدوڵڵا پەشێو, حەسیب قەرەداغی, رەفیق سابیر, ئەنوەر قادر جاف, جەوهەر کرمانج, حسێن بەفرین, سامی شۆڕش, شێرکۆ بێکەس‌و چەندانی دیکە) ئاگردانی ساردەوەبووی سەنگەرە چۆڵەکانیان گەرمدەکردەوە. ئاوەدان‌و پڕشکۆتروگەشاوەتردەبوون‌و بەداگیرکەرانیان ئەوت هەرەس ناتوانێ کورد لەناوبەرێ, لەزاری خەڵکانی نیشتمانپەروەرەوە, سروودی (کەس نەڵێ کورد مردووە, کورد زیندووە, زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان) دەوترایەوە, هەر ساڵێك دوای هەرەس, لەدەوروبەری نەورۆزی ساڵی 1976دابوو, کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە هۆڵی نەقابەی کرێکارانی سلێمانی بۆ کۆمەڵێ شاعیر بەسترا, دوای تەوابوونی کۆڕەکە بوو بە نیمچە خۆپیشاندانێك. ئەوەی زیاتر لە هەمووان کاریگەیی لەسەرم هەبوو, شیعری (بڕوخێ بێدەنگی)ی کاک محەمەدی حەمە باقی بوو کە جۆش‌و خرۆشێکی بێ وێنەی خستە ناو جەماوەرەوە. زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێم هەموو هۆڵەکە بۆشاییەکی تێدانەمابوو, چونکە ئەوانەی بەپێوەبوون زۆرتربوون لەوانەی کە دانیشتبوون. درەنگانێك گەڕامەوە ماڵەوە, دیم کاک جەمال تاهیر میوانی کاک مەحمود-ە, پاش بەخێرهاتن‌و چاك‌وچۆنی, وتی بۆوا درەنگ دێیتەوە, وتم لە ئێوارە کۆڕی شیعر خوێندنەوەبووم. یەکسەر مامۆستا جەمال وتی: منیش لەوێ بووم شیعرەکان چۆن بوون؟ منیش زیاتر جەختم لەسەر شیعرەکەی کاکە حەمە کردو ویاربوو وشەکانم سەرنجی ئەو مامۆستا تێکۆشەرەی, کە خوا هەر بۆ کوردایەتی‌و ڕێکخستنی خوڵقاندبوو, ڕاکێشا. دوای دوو ڕۆژ کاک کەمال تاهیری برای وتی: کاکم برادەرێکی راسپاردووە کە قسەت لەگەڵدا بکات, منیش وتم بۆنا. مەوعید دانرا لە شوێنی دیاریکراو کە راستە جادەی پیرەمێرد بوو, کاک کەمال‌و برادەرێکی وەستابوون بە یەکتری ناساندین. دیارە برادەرەکە لای من نەناسراونەبوو کاک سەلیم سەرسپی, کاك دلێر کوری مامۆستا ئەحمەد شوکری شاعیر بوو, جگە لەناسینی خۆی کە لە دەمێك ساڵەوە بوو باوکی ئاشنای باوکم بوو.. مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەم باسە ئەوەیە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەم کاروانی خەباتەی کە ئێستا کوردستانی ئازادو فیدراڵی لێکەوتۆتەوە, بەڕەنجی زۆر سەربازی ئەو ڕێبازەو مامۆستا جەمال‌و هاوڕێکانێتی,بەوانەی ئێستاشەوە.. مامۆستا جەمال بێ سەروەت‌و سامان بوو, بەڵام خاوەنی خەبات‌و کوردستانەکەی بوو کە بەرپرسیارێك لەسەر کۆڕێك یان قسەیەکی باش, جۆش‌و خرۆشێکی دوای هەڵومەرجی هەرەس چۆن مامۆستای رائەکێشا بۆ ئەوەی رایەڵی بۆ ئەو کەسە دروست بکات.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

مامۆستا مەحمود قەرەداغی کە ساڵی 1979 لەگەڵ مامۆستا جەمال دا لە زینداندا بوونو شایەتی ئەدا کە مامۆستا جەمال بەمانای وشە قارەمانو نهێنی پارێزبوو, هەر ئەوەبوو کە دەبووە هۆی ئازادکردنو حوکم نەدانی..

دوای بەربوونی, لەگەڵ کام مەحمود-دا ویستمان سەردانی بکەین,ماڵەکەیان نزیکی مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکەبوو. چووینە ماڵەوەیان دوای هەواڵ پرسین هەڵوێستی بەرزو نەگۆڕی مامۆستا جەمال-م زیاتر بۆ دەرکەوت کە لە پێش گرتنەکەی گەرمتربوو.

کارگەی شەکری کەللەی, کاك حەمە نوری حاجی عەبدوڵڵا شوێنێکی گەلێ پیرۆزبوو بەلامەوە لە دەرگای خوارەوەی مزگەوتی دوودەرگا. ئەم شوێنە شوێنی دانیشتنی زۆربەی تێکۆشەران بوو, لەو شوێنەدا تێکۆشەران(مامۆستا جەمالو کاکە شاو کاك دکتۆر خەسرەو و کاك عومەر فەتاحو کاك جەمە چاوشینو کاك مەحمودو چەندانی دیکە) دائەنیشتنو باسو خواسەکانیان لەسەر شۆڕشو پێشمەرگایەتیو توندو تیژیی رژێم بوو. لە بەینی خۆشیاندا نامەیان ئەدا بەیەك, چەندجار نووسراوەکانم لای کاك مەحمود-ەوەئەبردەوە بۆ کاك جەمال دیارە ئەوانە زیاتر گشتاندنو بەیاننامەبوون. ئەم بنەماڵەیە تەنها خاوەنی کاك جەمال نەبوون, پێش ئەویش خاوەنی تێکۆشەری لەسێدارەدراو کاك حەمە رەشید-ی برایان بوون.

مامۆستا جەمال مامۆستایەکی بێفیزبوو, چۆن لە کاتی بەرپرسیی نهێنیدا سادەبوو, لەکاتی بەرپرسیاریی دەسەڵاتیشدا هەرسادەو جەماوەردۆست بوو. پلەی لێپرسراویەتی ئەو تەنها خەبات بوو, بۆ رزگاریی گەلەکەی لە چەوساندنەوەو داگیرکردن.

بەختیاری مەلا عززەت

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com